## پرۆسەی داوای پێداچوونەوە چەندە دەخایەنێت؟

ئەمە بەسراوە بە مەسەلەکانی نێو کەیسەکە وە ماوەی ئەو کاتەی کە داواکاری گشتی و پارێزەری کەسی حوکمدراو پێویستیان پێیەتی بۆ ئامادەکردنی کەیسەکەیان لەبۆ پاڵپشتی کردن یان دژایەتی کردنی بڕیاری پێداچوونەوە. لە هەندێک لە کەیسەکان، پرۆسەی پێداچوونەوە ڕەنگە فرەی پێ بچێت، بەڵام VIA بەردەوام تۆ لە چۆنیەتی پێشوەچوونی کەیسەکە ئاگادار دەکاتەوە.

## چەند جار کۆبوونەوەی گوێبیست ساز ئەدرێت؟

ئەگەر دادگایی کردن بە شێوەی کورت بەڕێوە چووبێت (واتە بێ دەستەی سوێندخواران)، سەرەتا گوێبیستی بەرایی بەڕێوە دەچێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئایا داواکاری گشتی و پارێزەر ئامادەی دەستپێکردنی دادگایین. قۆناغی دوای ئەمە بریتیە لە گوێبیستی تەواو لە سەر داوای پێداچوونەوە.

## ئایا دەتوانم لە کۆبوونەوەکانی گوێبیست ئامادە ببم؟

کۆبوونەوەکانی گوێبیست جیاوازن لە دادگایی کردن – هیچ شایەتێک ئامادە نابێت وە گوێبسیت بە مەبەستی تێڕوانینەوەی بەڵگەکانی دادگایی و مەسەلە یاساییەکانی دیکە بەڕێوە دەچێت. تەقریبەن هەموو گوێبیستەکان لە دادگای پێداچوونەوە (Appeal Court) لە Edinburgh بەڕێوە دەچن. تۆ دەتوانی لەوێ ئامادە ببی وە VIA بە تۆ ڕادەگەیەنێت کە گوێبیستی داوای پێداچوونەوە لە چ ڕێکەوتێک بەڕێوە دەچێت.

پێویستە بزانی کە هەروەها ڕەنگە کەسی تاوانباریش لە کۆبوونەوەی گوێبیست ئامادە بێت.

گوێبستەکانی بەرایی بەڕێوە دەچن تەنها بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هەردوو لایەن ئامادەن بۆ دەستپێکردنی گوێبستی تەواوی داوای پێداچوونەوە، وە دەکرێت ئەمە بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت دوا بخرێت. VIA تۆ لە ڕووداوەکان ئاگادار دەکاتەوە.

## پاڵپشتی

**ناوەندی پاڵپشتی قوربانیان لە سکۆتلەند (Victim Support Scotland)** یارمەتی کردەوەیی و عاتفی دابین دەکات بۆ قوربانیانی تاوان. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی خزمەتە خۆجێیەکان، لە کاتی ئیدارەی تەلەفۆن بکەن بۆ 0845 603 9213 وە لە کاتی شەو یان ڕۆژانی پشووی هەفتە تەلەفۆن بکە بۆ 0845 30 30 900 . هە روە ها دە توانی سە ردانی ماڵپە ڕی ئە وان بکەه ناونیشانی www.victimsupportsco.org.uk

**ناوەندی خزمەتی شایەتەکان (Witness Service)**
لە کاتی ئامادەبوون لە دادگا، ئەم ناوەندە پاڵپشتی کردەوەیی و عاتفی دابین دەکات بۆ هەموو قوربانیان و شایەتەکان، وە هەروەها ئەندامانی خێزان و برادەرەکانی ئەوان.

بۆ زانیاری زیاتر لە خزمەتە خۆجێیەکانی ناوەندی خزمەتی شایەتەکان، تکایە پەیوەندی بکە بە ناوەندی پاڵپشتی قوربانیان لە سکۆتلەند، یا لە VIA پرسیار بکە، یا پەیوەندی بکە بەو دادگایەی کە گوێبیستی داوای پێداچوونەوە لەوێ بەڕێوە دەچێت.

VIA ڕەنگە هەروەها بتوانێت یارمەتی تۆ بدات بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی پاڵپشتی لە ناوچەکەی خۆتان.

## دەربارەی VIA

ناوەندی زانیاری و ڕێنوێنی قوربانیان (VIA) بەشێکە لە کراون ئۆفیس (Crown Office) و خزمەتگوزاری داواکاری گشتی ناوچە (Procurator Fiscal Service). کارمەندانی VIA خۆیان داواکاری گشتی نین. ئەرک و کاری ئێمە دابینکردنی یارمەتی و پاڵپشتیە بۆ قوربانیان، شایەتەکان، وە لە هەندێک کەیسی تایبەت، بۆ کەسوکاری نزدیکی ئەوان کە تووشی خەمباری ودڵەڕاوکێ دەبن. نامیلکەی *"VIA –ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتی بدەین"* کار و چالاکیەکانی ئێمە باشتر ڕوون دەکاتەوە.

www.copfs.gov.uk

## زانیاری زیاتر

ئەگەر پێویستت بە زانیاری زیاتر هەیە یا دەربارەی شتێک نادڵنیای تکایە لە VIA پرسیار بکە.

دەتوانی لە نێو نامیلکەی *"VIA-ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتی بدەین"* دەربارەی کار و چالاکیەکانی ئێمە زانیاری زیاتر بخوێنیتەوە.

دەتوانی لەگەڵ نووسینگەی VIA لە ناوچەکەتان پەیوەندی بکەی بە ژمارە تەلەفۆنەی نێو ئەو نامەی کە هاوپێچ کراوە. یان لەجیاتی ئەمە دەتوانی پەیوەندی بکەی بە تیمی نیشتمانی VIA (واتە VIA National Team)، بەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە:
0131 243 3027 یا 0844 561 3701

یا بە فەکس:
0844 561 4180

یا بە ئیمەیڵ:
vianationalteam@copfs.gsi.gov.uk

**ناوەندی زانیاری و ڕێنوێنی قوربانیان**
بەشێکە لە کراون ئۆفیس و خزمەتی داواکاری گشتی ناوچە
© Crown copyright 2008 RR Donnelley B57267-8-08

# VIA

ناوەندی زانیاری و ڕێنوێنی قوربانیان

# زانیاری

دەربارەی داوای پێداچوونەوە

ئەگەر دەتەوێت ئەم دۆکۆمێنتە بە زمانێکی دیکە، چاپی قەڵەو، دەنگ، دێڕی نابینایان یا بە هەر شێوەیەکی دیکە بۆ تۆ ئامادە بکرێت، تکایە پەیوەندی بکەی بە VIA. ئێمە بە خۆشحاڵیەوە پەیوەندیەکان وەردەگرین لە ڕێگەی ئامێری تایپ و قسەکردنی RNID پێشگر 18001

## پێشەکی

**ناوەندی زانیاری و ڕێنوێنی قوربانیان (VIA)** ئەم نامیلکەی بە تۆ داوە چونکا تۆ قوربانی تاوانیکی یان خزمی داخداری کەسی قوربانیت. کەسێک تاوانێکی خراوەتە سەر وە ئێستا دژ بە بڕیاری ئەم کەیسە داوای پێداچوونەوە کراوە.

ئەم نامیلکە جۆرە جیاجیاکانی داوای پێداچوونەوە بە تۆ دەناسێنێت وە پێت دەڵێت کە پرۆسەی پێداچوونەوە چی لە خۆ دەگرێت. ئەم نامیلکە وڵامی ئەو پرسیارانە ئەداتەوە کە زۆرجار لە لایەن قوربانیان و خانەوادەی ئەوانەوە دەکرێت.

## کێ دەتوانێت داوای پێداچوونەوە بکات؟

کەسی حوکمدراو یا داواکاری گشتی دەتوانێت داوای پێداچوونەوە بکات.

کەسی حوکمدراو ئەگەر پاش دادگایی کردن بە تاوانبار بزانرێت دەتوانێت داوای پێداچوونەوە بکات دژ بە حوکمەکە یا سزاکە یان هەردوویان. ئەگەر تاوانبار خۆی دانی بە تاوانەکەی دا بنێت، دەتوانێت دژ بە جۆری سزاکە داوای پێداچوونەوە بکات.

داواکاری گشتی دەتوانێت تەنها لە هەندێک حالەتی زۆر تایبەت دا داوای پێداچوونەوە بکات، وە هەر بۆیە ئەمە زۆر باو نیە. داواکاری گشتی دەتوانێت:-

- داوای پێداچوونەوە بکات دژ بە بڕیاری سەرفرازکردن یا ئازادکردنی تاوانبار( بە هۆی "تاوانبار نەبوون" یا "نەبوونی" بەڵگە)، بەڵام ئەمە تەنها لە کەیسە کورتەکان دەکرێت (کە لەوێ دەستەی سوێندخواران ئامادە نیە).
- داوای پێداچوونەوە بکات دژ بە سزا، بەڵام تەنها لە حاڵەتێک دا کە پێی وایە سزاکە "زۆر کەمە".

## مەبەست لە سزای زۆر کەم چیە؟

سزا لە حاڵەتێک دا 'زۆر کەم' لە قەڵەم ئەدرێت کە لە دەرۆی ڕادەی ئاسایی ئەو سزایانە بێت کە دادوەر دەتوانێت بە شیاوی بزانێت، بە ڕوچاوکردنی هەموو فاکتەرە پەیوەندیدارەکان. داواکاری گشتی ناتوانێت تەنها لە بەر ئەوەی کە پێی وایە سزاکە بە ئەندازەی پێویست قورس نیە بەرهەڵستی سزاکە بوێستێتەوە.

## ئەگەر من لە حوکم یا سزایەکی دەرچوو نارازی بم ئایا دەتوانم داوای پێداچوونەوە بکەم؟

نە، تەنها کەسی حوکمدراو یا داواکاری گشتی دەتوانێت داوای پێداچوونەوە بکات. تۆ دەتوانی دەربارەی هەستی خۆت لەگەڵ VIA قسە بکەی وە دەتوانی داوای دانیشتن لەگەڵ داواکاری گشتی ناوچە یا داواکاری گشتی دادگایی بکەی بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ڕووداوەکان وە، ئەگەر بکرێت، هۆکارەکانی ئەوان.

## پیویستە داوای پێداچوونەوە لە چ ماوەیەک پێشکەش بکرێت؟

ئەگەر دادگایی کردن لە بەرچاوی دادوەر وە بێ ئامادەبوونی دەستەی سوێندخواران (واتە بە شێوەی کورت) بەڕیوە چووبێت، پێویستە کەسی حوکمدراو لە ماوەی 7 ڕۆژ پاش دەرچوونی بڕیار لە لایەن دادگاوە داوای پێداچوونەوە بکات. ئەگەر دادگایی لە بەرچاوی دادوەر وە دەستەی سوێندخۆران (واتە بەشێوەی تەواو) بەڕێوە چووبێت، پێویستە کەسی حوکمدراو لە ماوەی 14 ڕۆژ پاش دەرچوونی بڕیاری دادگا دژ بە سزاکە داوای پێداچوونەوە بکات.

ئەگەر کەسی حوکمدراو بیەوێت دژ بە هەردووی حوکم و سزا داوای پێداچوونەوە بکات پێویستە لە ماوەی 14 ڕۆژ پاش دەرچوونی بڕیاری دادگا ویستی خۆی بە نووسراوەیی بە دادگای باڵا ڕاگەیەنێت. پێویستە لە ماوەی 6 هەفتە پاش ڕاگەیاندنی وێست بە دادگای باڵا داوای پێداچوونەوە پێشکەش بکرێت.

ماوەی دەرفەتی داواکاری گشتی بۆ پێشکەش کردنی داوای پێداچوونەوە (دژ بە سزا) 4 هەفتەیە. لە هردوو حاڵەتی دادگایی کردن بە شێوەی کورت یا ئاسایی دا ئەم دەرفەتە یەکسانە.

## چ شتهایەک دەگوترێت؟

ئەگەر لە سەر کەیسەکە داوای پێداچوونەوە کرابێت VIA ئاگادارت دەکاتەوە.
ئەگەر داواکاری گشتی داوای پێداچوونەوە بکات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پێی وایە سزاکە زۆر کەمە. ئەگەر داوای پێداچوونەوە لە لایەن کەسی تاوانبارکراو پێشکەش بکرێت، کارمەندانی VIA دەتوانن بە تۆ بڵێت کە ئەو داوا دژ بە حوکمەکەیە، یا سزاکە یا هەردوویان. بەڵام ئەوان ناتوانن هۆکارە سەرەکیەکانی داوای پێداچوونەوە بۆ تۆ ڕوون بکەنەوە.

کەسێک کە حوکمی بەندیخانەی بۆ بڕاوتەوە دەتوانێت داوای ئازادکردن بە کەفاڵەت (ئازادی کاتی) بکات لەو ماوەی کە داوای پێداچوونەوەی ئەو لە دەستی لێکدانەوە دایە. ئەگەر داوای ئازادکردنی بە کەفاڵەت ڕەت بکرێتەوە یا پەسەند بکرێت، وە بە پێی بارودۆخ مەرجی بۆ دابنرێت، ئەوا VIA تۆ لە وردەکارییەکان ئاگادار دەکاتەوە. ئەگەر هەرچەشنە نیگەرانیەکت هەیە دەربارەی هەڕەشە یا مەترسی لە لایەن تاوانبارەوە، پێویستە لەگەڵ پۆلیس پەیوەندی بکەی.

VIA بەردەوام تۆ ئاگادار دەکاتەوە لە چۆنیەتی پێشەوەچوونی داوای پێداچوونەوە و ئاکامەکەی.

## ئەگەر داوای پێداچوونەوە سەرکەوتوو بێت کێ بڕیار ئەدات؟

ئەو دادوەرەی کە حوکمی بەرایی وە/یا سزای دەرکردووە لە لێکدانەوەی داوای پێداچوونەوە بەشدار نابێت.

تەنها یەک دادوەر بڕیار ئەدات لە سەر ئەوەی کە ئایا داوای پێداچوونەوەی کەسی تاوانبارکراو دەکرێت بچێتە قۆناغی گوێبیستی تەواو (داوای پێداچوونەوەی پێشکەش کراو لە لایەن داواکاری گشتی پێویستی بەم قۆناغە نیە).

ئەگەر ئەمە ڕەت بکرێتەوە، دەکرێ دژ بە بڕیاری دادوەر داوای پێداچوونەوە بکەی. پێویستە ئەم داوا لە ماوەی 14 ڕۆژ پێشکەش بکرێت.

دەستەیەک لە سێ دادوەر (لە حالەتی داوای پیداچوونەوە دژ بە سزا، دوو دادوەر) پێداچوونەوە دەکەن لە سەر ئەوەی کە ئایا ڕێگە بدەن بە درێژەدان بە داوای پێداچوونەوە یا نە.

هەمان هەژمار لە دادوەران کە لە دادگایی باڵای Edinburgh دادەنیشن گوێ دەگرن لە گوێبیستی تەواو.

## ئاکامە ئەگەرییەکانی داوای پێداچوونەوە؟

ئەگەری ئەوە هەیە کە دادوەران داوای پێداچوونەوە ڕەت بکەنەوە، بە تەواوی ڕێگەی پێ بدەن یان بە بەشێکی ڕێگە بدەن.

ئەگەر داوای پێداچوونەوە ڕەت بکرێتەوە، بڕیاری سەرەکی دادگا بایەخی دەبێت. ئەگەر سزای بەندکران بۆ کەسی حوکمدراو دەربچێت، ئەوا تاوانبار ئەنێردرێتەوە بۆ بەندیخانە.

ئەگەر بە تەواویی ڕێگە بە داوای پێداچوونەوە بدرێت، ڕەنگە دادگا بڕیاری دادگایی کردنەوەی دووبارە بدات یا کەسی تاوانبارکراو سەرفراز و ئازاد بکات.

ئەگەر بە بەشێک لە داوای پێداچوونەوە ڕێگە بدرێت، لەوانەیە چەندین هۆکاری هەبێت. ئەفسەری VIA دەبێت بتوانێت ڕوونی بکاتەوە یا زانیاری زیاتر لەمبارەوە بەدەست بهێنێت.

ئەگەر کەسی تاوانبارکراو دان بە تاوانی خۆی دا بنێت وە دژ بە سزای بەندکردن داوای تێهەڵچوونەوە بکات، دادگا دەتوانێت سزایەکی قورستر یا سووکتر بە سەر ئەودا بسەپێنێت، یا سزای پێشوو پەسەند بکاتەوە.

ئەگەر ڕێگە بدرێت بە ئەو داوای پێداچوونەوە کە لە لایەن داواکاری گشتیەوە بە هۆی فرە کەم بوونی سزا پێشکەش کراوە، ئەوا سزایەکی نوێ و قوستر بۆ کەسی حوکمدراو دەردەچێت. ئەگەر داوای پێداچوونەوەی داواکاری گشتی ڕێگەی پێ نەدرێت، سزای پێشوو وەکوو خۆی دەمێنێتەوە.